# دۆخی میدیای ئەلەکترۆنیی: ڕامان و پێشنیار

بەختیار کەریم

"بەزەیمان بە مانگاکاندا دێتەوە دەنا هەرچی توێکڵە شووتی کوردستان هەیە دەمانکێشا بە سەروگوێلاکی بەرپرسە دزەکاندا"

خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین لە ئیمەیلێکدا

## پێشەکیی

"ڕەخنە" ئەو چەمکەیە کە زیاتر لەهەر چەمک و گووتەزایەکی دیکە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت. هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرێک، تەنانەت شاعیرەکانیشمان بوونەتە ڕەخنەگر، بەڵام لەڕاستیدا تا ئەم ساتەوەختە نووسەرێک یان ڕۆشنبیرێکی کورد نییە کە توانای هەرسکردنی هەمان ئەو ڕەخنانەی هەبێت کە خۆی لە خەڵکی دیکەی دەگرێت. بەبڕوای ئێمە هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردە خەمناک و سامناکە تێکچڕژانی ڕەخنە و تیرۆری کاراکتەرە. لەم ژینگەیەدا میدیای ئەلەکترۆنی گەشەدەکات و قەیرانی قووڵی ڕۆشنبیریی کوردی قووڵتر دەکاتەوە. ئەو نووسەرانەی ساڵانێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەعسدا و پاشان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی یەکێتی و پارتیدا سەرقاڵی تیرۆری کاراکتەری یەکتربوون ئەمڕۆ لە میدیای ئەلەکترۆنیی کوردیدا هەمان قوڕاویان ڕشتوە و زۆربەی نووسەرانی تازەپێگەیشتووش بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن خەریکە چینەی نەزانیی تێدادەکەن.

ئەم نووسینە مەبەستی نییە قسە لەسەر ڕەخنە بەشێوەیەکی تایبەت بکات، بەڵکو گرنگی دەدات بە تێڕوانینی ناوخۆی کوردستان لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان و هەوڵدانی دەسەڵاتی کوردی بۆ سووککردنی ئەو میدیا ئەلەکترۆنییەی کە بێگومان چەندین کەموکوڕی هەیە. هاوکات سەرنج دەدەین لەوەی کە چۆن دەکرێت میدیای ئەلەکترۆنیی لەیەک کاتدا چاک و کاریگەر بکرێت، بەبێ ئەوەی یەکەم کاریگەری لەسەر دووەم دابنێت. ئەم بابەتە دەخوازێت لایەنێکی گرنگ و پشتگوێخراوی میدیای ئەلەکترۆنیی بەسەربکاتەوە، لایەنی کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامەگەری لە کوردستان چ وەک پاڵپشت و چ وەک هاندەر و هەندێک جار وەک لەمپەر، لایەنێک کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری تووڕەکردوە و لە ڕێگای هەڵڕشتنی سەروەتی دزراوی کوردستانەوە سەرقاڵی کڕینی ئەو نووسەرانەن کە لە میدیای ئەلەکترۆنییدا نووسین بڵاودەکەنەوە. هاوکات لەڕێگای سووککردنەوە حیزب و میدیای حیزبیی هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی میدیای ئەلەکترۆنیی دەدەن. ڕەوایە لە خۆمان و لەو ئەزیزانە بپرسین ئەگەر بەڕاستی میدیای ئەلەکترۆنیی ئەو شوێنە سوکەیە کە باس دەکرێت، شوێنێک بۆ جنێودان و تۆمەتبارکردن، چما حیزبی کوردی سەرقاڵی کڕینی نووسەرانە؟ چۆن بێت ئەو دوو حیزبە کە قێزیان لە میدیای ئەلەکترۆنیی دێتەوە پارە و پارچە زەوی دەدەن بەو نووسەرانەی کە لەم میدیایەدا زۆرترین جنێویان بڵاوکردەوە؟ بەدڵنیاییەوە ئەو نووسەرانەی ئەو دوو حیزبە لە پرۆسەی کڕینی نووسەردا

کڕیویانن لە خراپترین جۆری نووسەرانن، لەو جۆرەن کە پێیاندەڵێن زبڵنووس، بەڵام ئەمە گەمژەیی کڕیارەکانی حیزب پیشاندەدات نەک زانایی نووسەرەکان، هەروەک چۆن جامبازی خراپ ئاژەڵی خراپ بە پارەی زۆر دەکڕێت، ئەم کڕیارانەی حیزبیش بەهەمان شێوە بە پارەیەکی زۆر خراپترین نووسەر دەکڕن. چ شەرمە نووسەرێک تا ئەم ساتەوەختە بەو دوو حیزبەی نەگووتوە پارچە زەوی چەتەی وەک ئێوەم ناوێت، چونکە هەموو کوردستان مۆڵکی منە. لەم شەرمەزارییە نووسەرانی تاراوگە بەشی نەهەنگیان بەردەکەوێت، دەبێت جگە لە چاوچنۆکی و دەروونزمیی نهێنیی وەرگرتنی زەوی لە وڵاتێک چی بێت کە لێی نەژیت؟ ئەم نووسەرانە بە عەقڵی قاچاخچیەوە مامەڵە لەگەڵ خاکی کوردستاندا دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەر کوردستان بە موڵکی خۆی بزانێت و وەک موڵکی خۆی بیپارێزێت نەک کڕین و فرۆشتنی پێوەبکات. چ ڕووڕەشییەکە مرۆڤ خەڵاتی حیزبێک وەربگرێت کە دڵنیایە ئەو خەڵاتە پارەی دزراوی نەتەوەکەیەتی و ئەو حیزبە بنەماڵەی شەهیدەکانی خۆی پشتگوێ خستوە.

## قۆناغی تاریکی میدیای ئەلەکترۆنیی

بەر لە هەموو شتێک هەڵەیەکی گەورەیە و تووشی نائومێدییەکی کەمەرشکێن دەبین گەر چاوەڕوانی گەورەمان لە میدیای ئەلەکترۆنیی هەبێت. کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ هەن کە هۆکارن بۆ ئەوەی ئەم میدیا ئەلکترۆنتییە قۆناغی تاریکی خۆی بژی، قۆناغێک کە سیمای ئەم میدیایەی ناشیرین کردوە و کۆمەڵێک نووسەر و خوێنەری باشی لەخۆی تۆراندوە. شاراوەنییە لای کەس کە زۆربەی سایتەکان نووسینی زۆر پڕوپووچ بڵاودەکەنەوە، نووسینی کۆمەڵێک نووسەر کە ڕۆژانە دەنووسن و هیچ ڕێزێک لە زمان و ڕێساکانی ناگرن، بگرە زمان نازانن و ئەوەی دەیکەن تەنها ڕەشکردنەوەی لاپەڕە ئەلەکترۆنییەکانە. ئەمە لەو سۆنگەیەوە دەڵێین کە وەک "ئەرستۆفانیس" دەڵێت "هزری باڵا زمانی باڵا دەخوازێت"، بەڵام نەک بەو واتایەی زمانی قورس و تەمومژاوی بەکاربهێنرێت وەک هەندێک پێیانوایە نیشانەی زانایی نووسەرە، شاعیری ئێرلەندی "ولیام بەتلەر یەتس" دەڵێت "وەک مرۆڤێکی دانا بیربکەرەوە بەڵام بە زمانی خەڵک بدوێ". داهێنانێکی گەورەمان نەکردوە ئەگەر بڵێین میدیای ئەلەکترۆنیی کۆمەڵێک شەڕە گەڕەک و شەڕە حیزب و شەڕە کۆلکەنووسەری هێناوەتە نێوماڵپەڕەکانەوە کە شایانی نیگەرانیە و ئەگەر بڕیارە میدیای ئەلەکترۆنیی چاک بکرێت دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت. بەڵام گرنگە لەبیرمان نەچێت کە ئەم دەردە کوشندەیە شتێک نییە میدیای ئەلەکترۆنیی بەرهەمیهێنابێت و بڵاویکردبێتەوە، جنێو و کوشتنی کاراکتەری یەکتری بەشێکی دانەبڕاو بووە لە نووسینی کوردی، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە. لە ئەدەب و نووسینی کوردیدا سەدان وتاری ستایش و تێکشکاندنی نووسەران لەلایەن نووسەرانەوە بەدیدەکرێت، ئەگەر بەوریایی ئەو نووسینانە بخوێنینەوە دەبینین ئەم شەڕانە کە هەندێک جار بەناوی مەعریفەوە کراون ناشیرینترین ڕووخساری نووسەری کوردمان بۆ نمایش دەکەن و هەندێک جار قەڵەمە زەبەلاحەکانی ڕۆشنبیریی کوردیش تێوەگلاون. بەواتایەکی دی ئەوەی میدیای ئەلەکترۆنیی کردویەتی تەنها گۆڕینی قەڵەمە بە

تەختەکلیل و ئاسانترکردن و فراوانترکردنی ئەو شەڕانەیە کە نووسەری کورد پێیانەوە سەرقاڵبوون، ئەوەی میدیای ئەلەکترۆنیی کردویەتی کەمکردنەوەی سانسۆری دەسەڵات و قۆرخکردنی کۆی میدیایە لەلایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە و ڕێگەخۆشکردنە بۆ سەدان قەڵەمکێش و نووسەر تا خۆیان تاقیبکەنەوە. چونکە ژێرخانی ئەم میدیا ئەلەکترۆنییە خودی ڕۆشنبیریی دەستەوسانی کوردییە ناکرێت چاوەڕانی ئەوە بین کە ئەم میدیایە لە ڕۆشنبیریی کوردی باشتربێت. زۆربەی ئەوانەی لەم میدیایەدا دەنووسن ئەگەرچی لە دەرەوەی کوردستان دەژین بەڵام تەنها سەرچاوەی زانیارییان ڕۆشنبیریی کوردییە، لەبەرئەوە هەمان ئەو کەموکورپیانە بەرهەمدەهێننەوە کە ئەم ڕۆشنبیرییە بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش هێرشی ئەو نووسەرانەیە کە کۆی ڕۆشنبیریی کوردییان وەک قۆنتەراتچی قۆرخکردوە بۆسەر میدیای ئەلەکترۆنی، چونکە ئەم میدیا نوێیە دەرگا بۆ دەنگی نوێ و سیمای نوێ ئاوەڵادەکات کە ئەوان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەم نووسەرانە هەموو وزەی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ناشیرینکردنی ئەم میدیایە. ئەم نووسەرانە وەک هەموو توێژێکی کۆنسێرڤەتیڤی نێو کۆمەڵگا کە پێگەی گرنگیان هەیە، هەموو دیاردەیەکی نوێ وەک هەڕەشە دەبینن، ئەم کاردانەوە کۆنسێرڤەتیڤەی ڕۆژنامەنووس و نووسەری کورد لەهەمبەر میدیای ئەلەکترۆنیدا شتێک نییە تایبەت بە ڕۆشنبیریی کوردی، ئەگەر سەرنج لە دەرکەوتنی دیاردەی میدیای ئەلەکترۆنیی لە هەر وڵاتێک بدەین دەبینین هەمان کاردانەوە هەبووە. بەڵام ئەوەی تایبەتە بە ڕۆشنبیریی کوردی هەوڵەکانیەتی بۆ تێکشکاندنی کاراکتەری هەموو ئەوانەی کە لەم میدیایەدا دەنووسن و ناوزەندکردنی خودی میدیای ئەلەکترۆنییە بە جنێوفرۆش و هەندێک جار هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی کورد. ئەوەی توێژی کۆنسێرڤەتیڤی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان لە کورد جیادەکاتەوە بەکارنەهێنانی میتۆدی فاشیستانەیە بۆ تەکاندنەوەی خوێنەر لە میدیای ئەلەکترۆنیی. بەڵام با بپرسین ئەو قۆناغە تاریکە کامەیە کە میدیای ئەلەکترۆنیی پێدا تێپەڕدەبێت، هاوکات بۆ دەبێت چاوەڕوانی گەوەرە و گرانمان لەم میدیایە نەبێت؟

ئەگەرچی تەمەنی میدیای ئەلەکترۆنیی کوردی تەنها پێنج ساڵێکە، واتا وەک ئەو بوونەوەرەی پێیدەڵێن پەرلەمانی کوردستان هێشتا ساوایە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە میدیای ئەلەکترۆنیی لەو ماوە کورتەدا بۆتە جێگەی تێڕامانی میدیای کوردی لەناوخۆی کوردستان. نووسەر هەیە تا ئەم ساتەوەختەش نازانێت کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت چاوپێکەوتنی لەسەر میدیای ئەلەکترۆنیی لەگەڵدا کراوە، دەڵێت میدیای ئەلەکترۆنیی کوردی خەریکی بەخشینەوەی تۆمەت و جنێوە، نووسەر هەیە وتاری هەستورژێنی لەسەر ئەو "پاشاگەردانیە"ی میدیای ئەلەکترۆنیی نووسیوە و پێشنیار دەکات میدیای ئەلەکترۆنیی ملکەچی هەمان یاساکانی ڕۆژنامەگەری کوردی بکرێت، بەواتایەکی تر ملکەچی یاساکانی بەعس بکرێت. نووسەری دی هەیە دەڵێت "من پێم شەرمە ماڵپەڕە کوردییەکان بخوێنمەوە بەڵام دڵنیام کۆمەڵێک خەڵکی بێویژدانن و تەنها جنیو بڵاودەکەنەوە"، بەڵام سەیر لەوەدایە کەس لەم ئەزیزە ویژدان زیندووەی نەپرسیوە ئەگەر تۆ شتێک نەخوێنیتەوە چۆن دەتوانیت داوەری بکەیت، چۆن ویژدانت ڕێگەت پێدەدات، ئەی خاوەن ویژدان بێئاگا بڕیار بدەیت؟. ئەم نموونانە بۆ پارێزگارییەکی کوێرانە نییە لە ماڵپەڕە کوردییەکان، چونکە لەسەرەوە بۆچوونی خۆمان لەو ڕووەوە ڕوونکردەوە، بەڵام زیاتر بۆ پیشاندانی وابەستەیی نووسەر و ڕۆشنبیری کوردە بە چەند کەسێکەوە کە دروستکەری بیروڕان لەنێو ئەم تووێژەدا. ئەگەر ئەم ڕێپیشاندەرانە تەنانەت بەبێ بەڵگەش بڵێن فلان فەیلەسوف یان نووسەر

فاشیستە ئیتر کەس نایخوێنێتەوە، خۆ ئەگەر گووتیان فلآن فەیلەسوف یان نووسەر نایابە ئەوا هەموویان دەکەونە خوێندنەوە و نووسین لەسەری. چ بەدبەختییەکە تەنانەت ڕۆشنبیرانیشمان ڕێنیشاندەریان دەوێت؟ دەشێت ئەم جۆرە لە پاشکۆیی لای هەندێک تەندروست بێت، ئەگەرچی هەموو جۆرێکی پاشکۆیی هەنگاوێکە بۆ کوشتنی عەقڵ. بەڵام پاشکۆیی ڕۆشنبران بۆ حیزب زۆر لەوە سامناکترە، چونکە ئەمەیان بەکرێدان و فرۆشتنی عەقڵە، شتێک کە لە خوارەوە سەرنجی لێدەدەین.

جێگەی تێڕامانە لەو ماوە کورتەدا حیزبی کوردی چەند سایتێک و خاوەنەکانیان دەکڕێت، چەندین کۆلکەنووسەر و زبڵنووس بانگهێشتی کوردستان دەکات و لە باشترین هۆتێلی کوردستان پێشوازییان لێدەکات. بەکورتی ئەم میدیا ئەلەکترۆنییە بەو تەمەنە کورتەیەوە کاریگەرییەکەی زۆر لە کاریگەریی بەناو پەرلەمانی کوردستان زیاتربووە کە هەتا ئێستاش قۆناغی دەستهەڵبڕین و بژی سەرۆکی تێنەپەڕاندوە. سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو کۆمەڵە فاکتەرە بدەین کە وادەکەن میدیای ئەلەکترۆنی قۆناغی تاریکی خۆی بژی و تێپەڕاندنی ئاسان نەبێت. هەندێک لەو فاکتەرانە هەمان ئەو فاکتەرانەن کە ڕۆژنامەگەریی کوردی گیرۆدەکردوە و داخزێنراونەتە نێو میدیای ئەلەکترۆنییەوە. ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئەم ساتەوەختە پاشکۆی حیزبەکانە، ئەوەش کە پێی دەگوترێت ڕۆژنامەی سەربەخۆ هیچ نییە جگە لە داهێنانێکی نوێی حیزب، خۆ ئەگەر حیزب وەک جەستە و گیرفان لەپشتی ئەو بەناو ڕۆژنامە سەربەخۆیانەوە نەبێت ئەوا ناڕاستەوخۆ ئاراستەیان دەکات و هەر کاتێکیش لە ئاراستەی خواستراوی حیزب لایاندا لە ڕێگای یاساوە ڕاستیان دەکاتەوە یان لەوانەیە ئەو ڕۆژنامەیە لەڕێگای فشارەوە دابخات یان نەیارێکی بۆ قووتبکاتەوە تا خوێنەری لێبتەکێتەوە. حیزبی کوردی بۆ سنوردارکردنی ئەو دیاردەیەی پێی دەڵێن ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ سەدان ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤاری قووتکردۆتەوە کە خوێنەری کوردی خستۆتە گێژاوێکەوە و سیمای ڕۆژنامەگەری شێواندەوە و کاریگەریەکانی تا ئەندازەیەکی سەرسوڕهێنەر کەمکردۆتەوە. ئەگەر بەڕاستی ڕۆژنامەی سەبەخۆ هەیە دەبوایە تا ئێستا ڕۆژنامەیەک بیتوانیایە ڕا دروستبکات، نەک بەتەنها ئەو هەواڵانە کاوێژبکاتەوە کە حیزب پێیان دەفرۆشێت، دەبوایە تا ئێستا ڕۆژنامەکان دەیان بەرپرسیان ناچاربکردایە کە بە جەماوەر بڵێن چەندیان هەیە و لەکوێیان بوو، یان دەبوایە دەیان دز و جەردەی نێو حیزبەکانیان ڕووبەڕووی دادگا بکردایەتەوە. سەرنجێکی خێرا لەو ڕۆژنامانەی لە کوردستان کە زۆرترین خوێنەریان هەیە و خۆیان بە پێشرەوی "ڕێنەیسانسی" کوردی دەزانن چەندین لایەنی خراپی ئەو ڕۆژنامانەمان پیشاندەدات کە میدیای ئەلەکترۆنی پیێ تاوانبار دەکرێت.

با هەفتەنامەی هاوڵاتی بە نموونە وەربگرین. ئەوەی جێگەی تێڕامانە هەفتەنامەی هاوڵاتی دوو لاپەڕە تەرخان دەکات بۆ ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان بڵاودەبنەوە و لاپەڕەیەک بۆ "گەشتێک بەنێو ڕۆژنامەکانی عێراقدا" سەرەڕای چەندین وتار و ڕاپۆرتەهەواڵ کە لە ڕۆژنامە تورکی، فارسی و زۆر کەمتریش ئینگلیزییەکانەوە وەرگیراون. لەکاتێکدا ئەگەر هەریەک لەو وتارە وەرگێڕدراوانە هی نووسەرێکی کورد بن ئەگەری بڵاوبوونەوەی زۆر لاوازە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سانسۆری ئەو نوخبەیەی فەرمانڕەوایی هاوڵاتی و ڕۆژنامە بەناو سەربەخۆکانی دیکە دەکات، هاوکات ئاماژەیە بۆ بەکەم سەیرکردنی نووسەری کورد لە بەراورد لەگەڵ نووسەری بێگانەدا. زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن و سەرقاڵی ساغکردنەوەی بیروڕای عەرەبیین بەسەر خوێنەری کوردا، وەک

ئەوەی کورد توانای دەربڕینی نەبێت و نووسەری کەم بێت، یان وەک ئەوەی ڕۆژنامە عەرەبییەکان نووسینی نووسەرە کوردەکان بەهەمان گوڕوتینەوە وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی و بڵاویبکەنەوە. لەڕاستیدا ئەم کارە جگە لەوەی سوودێکی ئەوتۆ بە خوێنەر ناگەیەنێت ئاماژەیە بۆ پاشکۆیی ڕۆژنامەوانیی و ڕۆشنبیریی کوردی و هەوڵی ئەو ڕۆژنامانانەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو لاپەڕانەی کە بۆیان پڕنابنەوە. هاوڕێیەک لە سلێمانیەوە بۆی نووسیبووم: "لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا هاشم ساڵح نەک بەتەنها نووسینەکانی هەندێک جار لەلایەن زیاتر لە وەرگێڕێکەوە کراونەتە کوردی و چەندین جار چاپکراونەتەوە بەڵکو کۆکەکانیشی کراون بە کوردی، بەڵام کەمنین ئەو نووسەرە کوردانەی ناچارن بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان دەستی بەرپرسەکان ڕابمووسن.'

ئەم ڕۆژنامانە لە نێوان ئەوەی پێی دەڵێن مودێرنیتە و کۆنترۆڵی حیزبدا دۆشداماون و بەرەو ئایندەیەکی نادیار ملدەنێن، یان باشترە بڵێین ئایندەیەک کە حیزب گەورەترین گووتن و بەشی دەبێت لە دیاریکردنیدا. بەشێکی فراوانی میدیای ئەلەکترۆنییش هەمان گرفتیان ڕووبەڕووبۆتەوە، یان هی حیزبن و یان لە دەرفەتێکدا دەبن بە هی حیزب. سایت هەیە بەناوی کوردایەتیەوە سانسۆرێکی داناوە لەسەر ئەوەی چی بڵاببێتەوە کە کوتومت دووبارەکردنەوەی هەمان سانسۆرە کە ڕۆژنامەیەکی وەک کوردستانی نوێ یان خەبات پەیڕەوی دەکات. سایت هەیە کە حیزب و نووسەرۆچکە بێشەرمەکانی، ئەوانەی کە هێشتا ڕێگایان نادرێت لە ڕۆژنامەکانی حیزبدا بنووسن، کردویانە بە سەرتەنوورێک بۆ ناشیرینکردنی هەرچی شتێک کە ببێتە جێگەی باسی نێوانیان. نمونە زۆرن، بەڵام ئەم فاکتەرە و چەندینی دیکە بەشێکن لە ڕۆشنبیریی کوردی نەک لە تایبەتمەندیەکانی میدیای ئەلەکترۆنیی.

بەڵام میدیای ئەلەکترۆنیی نەیتوانیەوە ڕێزی پێویست بۆخۆی دەستەبەربکات، ئەوەی گەشتێک بە نێو ماڵپەڕە کوردیەکاندا بکات دەبینێت شتێک نییە ناوی گفتوگۆ بێت، دایەلۆگ بوونی نییە، ئەوەی هەیە و خوێنەر تووشی قێزهاتنەوە دەکات شەڕێکە کە کەس نازانێت لەسەر چییە. نووسەران لەسەر کاراکتەری یەکتر دەنووسن نەک لەسەر نووسینی یەکتر، هەندێک جار جنێو بە وێنەی یەکتر دەدەن، گاڵتە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی یەکتر دەکەن کە پەیوەندی بە نووسینەوە نییە. لە هەمووی ناشیرینتر دانانی پێشناوی مافپەروەر، ئەندازیار، پاریزەر و چەندینی دیکەیە، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم نووسەرانە هێشتا لەو باوەڕەدان کە لەسەردەمی ئەفەندیدا دەژین، ئەوان مامۆستا و ئێمەش هەموومان عەوام. ئەمانە بەشێکن لەو قێزەونیانەی میدیای ئەلەکترۆنی کە وای کردوە ئەم میدیایە جێگەی گومان و نیگەرانی بێت و ئایندەی نادیاربێت، ئەوەی بە قۆناغی تاریکی میدیای ئەلەکترۆنی ناومان برد. لێرەوە هەندێک لەو بۆچوونانەی لەسەر کەمتەرخەمییەکانی میدیای ئەلەکترۆنی دەگووترێن بەشێکیان لە ڕاستیی لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتوە، بەڵام ئەوانەی بەمەبەست دەیانەوێت کاریگەریی ئەم میدیایە کەمبکەنەوە زیادەڕۆیی دەکەن لەباسی کەموکوڕییەکانی میدیای ئەلەکترۆنی. چونکە ئەوانەی زبڵ لەم میدیایەدا بڵادەکەنەوە و لەیەک کاتدا بۆ دە ماڵپەڕی دەنێرن، یان هاندراون یان خەمی گەورەیان بردنەوەی بایەخی کڕیارەکانی حیزبە.

## کێشەی دەسەڵاتی خێڵ و میدیای ئەلەکترۆنیی

هەردوو دەسەڵاتی خێڵەکیی کوردستان لە ڕێگای یاساکانی بەعسەوە زۆر بە سانایی دەتوانن ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی نێو کوردستان تەمبێ بکەن، لەڕێگای ئەو یاسایانەوە کە کورد لە ڕێگای ڕشتنی دەریایەک خوێنەوە هەوڵی گۆڕینی دەدا، بێشەرم، بێترس و بەبێ هەبوونی هیچ ڕێزێک بۆ ئەو دەریا خوێنە، ڕۆژنامەنووسێک ڕاپێچی زیندان دەکەن و لە هۆڵەکانی دادگایەکی ناسەربەخۆدا کەرامەتی دەڕوشێنن. ئەم دەسەڵاتە چیکڵدانەی ئەوەندە بچکۆلەبۆتەوە، بێگومان ئەگەر گریمان ئەم دەسەڵاتە چیکڵدانەی هەبووە، ئامادەیە سیمای خۆی ناشیرینتر بکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسێک بە سزای حیزب و سەرکردە بگەیەنێت. ئەم دەسەڵاتە کوردیە کە دوو حیزب و کۆمەڵێک چەتە بەڕێوەی دەبەن گرفتیان نییە لەگەڵ ئەوەی ئایندەمان بخەنە مەترسیەوە، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. لای ئەم دوو حیزبە نووسەران لەو لاوەی هەڵەبجە ئازیزترنین کە ئاسایشی یەکێتی دایانە بەر دەستڕێژی گوللە. نووسەران تەنها ئەو کاتە لای ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕێزیان هەیە کە ستایشی هەموو ئەو بۆگەنیانە بکەن کە لە زێرابی ئەم دوو دەسەڵاتەوە کەپوی هەموومانی ئاخنیوە، نووسەران خەڵات، پارچە زەوی، سەفتە پارە و مەکرەمە وەردەگرن ئەگەر ستایشی ئەم دوو حیزبە و سەرکردەکانیان بکەن. لە شیراتۆن و سلێمانی پالاس خزمەت دەکرێن ئەگەر بەباڵای سەرۆک و حیزبەکەیدا هەڵبدەن. ئەگەر پێچەوانەکەشی بکەن ئەوا یاسا هەیە و سزا دەدرێن، بەڵام لەهەمان وڵاتدا یاسا نییە بۆ سزادانی دزیی و بەخشینی ناڕەوای زەوی بە لۆتیەک و بێبەشکردنی ژنە شەهیدێک لێی، یاسا نییە بۆ ناردنە دەرەوەی سەروەتی بەرپرسەکان و بڵندکردنەوەی باڵاخانە. یاسا هەیە بۆ زیندانیکردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک کە دەوێرێت بپرسێت مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی چەندیان هەیە و لە کوێیان بوو، بەڵام یاسا نییە بپرسێت سەروەتی خەڵک بۆ دەدزن. نووسەرانی کوردستان کورد واتەنی بێپان و هی دەسەڵاتن، بەڵام کێشەکە لەگەڵ پادارەکاندایە کە لە دەرەوەی کاریگەری یاساکانی بەعسدا ژیان دەگوزەرێنن.

ئەوەی بۆتە هۆی سەرقاڵی هەردووک حیزب و جێگەی نیگەرانیی ئەو دوو دەسەڵاتە خێڵەکیەی کوردستان، ئەو نووسەرانەن کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. ئەو نووسەرانەی کە پرۆسەی کڕینی ئەو دوو حیزبە هێشتا کەوی نەکردوون، لەبەر هەر هۆیەک بێت هێشتا پارچە زەوی و پۆستی ڕاوێژکاریی دەستەمۆی نەکردوون. ئەوەی حیزب تووڕە دەکات ئەو نووسەرانەن کە لە هەندەران دەنووسن، چۆن دەنووسن و چی دەنووسن جێگەی بایەخی ئێمە نییە، ئەوەی جیگەی بایەخی ئێمەیە کە حیزب بەڕاستی تووڕەیە. ڕێکخستنەکانی دەرەوە هەموو تواناکانیان خستۆتە گەڕ بۆ سنووردارکردنی ئەو دیاردەیەی پێیدەڵێن میدیای ئەلەکترۆنیی. ئەم ڕێکخستنانەی پارتی و یەکێتی هەڕەشە لە خەڵک دەکەن، تیرۆری کاراکتەری خەڵک دەکەن، هەوڵی ڕازیکردنی نووسەر دەدەن بە سەفەرێکی کوردستان و وەرگرتنی پارچە زەویەک، چەندین شێوازی تر بەکاردەهێنن بۆ دەمکوتکردن. ئەم تۆڕە جاسوسیانە لەڕێگای هەڵخەڵەتاندنی حیزبەوە پارەیەکی زۆر دەکێشنەوە و حیزب دڵنیادەکەن کە ئەو نووسەرانەی لە دژی حیزب دەنووسن سووک بکەن، ئەو ماڵپەڕانە ڕیسوابکەن کە بەو هەوایە ناژین کە لە قەڵاچوالان و

سەری ڕەشەوە دێت. حیزب تا ئەو ئەندازەیە بێئاگایە لە میدیای ئەلەکترۆنی کەسانێک لە پاڵتاک پارە وەردەگرن بە ناوی پاراستنی سەروەریەکانی حیزبەوە، حیزب تا ئەو ئەندازەیە دەستەوسانە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو میدیا ئەلەکترۆنیەی کە وەک هەڕەشە دەیبینێت کە پارە دەدات بەهەر کەسێک ڕێکخستنەکانی دەرەوە وەک پارێزەری حیزب بیناسێنن.

هاوکات حیزب لەڕێگای قەڵەمکێشەکانیەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین ڕێکخراوی سەیروسەمەرە دروست دەکەن بۆ سەرقاڵکردن و بەفیڕۆدانی وزەی نووسەران. هەروەک چۆن لە کوردستان لەڕێگای کردنەوەی سەدان سەنتەر، ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕیکخراوەوە حیزب هەوڵ دەدات نووسەران بەگشتی و لاوان بەتایبەتی لەو مەسەلانە دووربخاتەوە کە حیزب قۆرخی کردوون. لە هەندەرانیش نووسەرەکانی حیزب کەمتەرخەم نین لە دروستکردنی ڕێکخراوی عەنتیکەی وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یان یەکێتی میدیای ئەلەکترۆنی. لەکاتێکدا کاری ئەوانەی حیزب بەمەوە سەرقاڵیان دەکات، تەنها بڵاوکردنەوەی چەند بەیاننامەیەکە کە تەنها گەدەی خوێنەر دەهێننە ئێش. لەهەمووی سەمەرەتر ئەو بوونەوەرە عەنتیکەیەی پێیدەڵێن یەکێتی میدیای ئەلەکترۆنی کوردی هەموو بڵاوکراوەکانی بە زمانی شیرینی عەرەبی دەردەکات. گەلۆ ئەگەر ئەمە لوتکەی داهێنان نەبێت ئەدی چییە؟ بەر لەم بەڕێزانە بە هزری کەسدا نەهاتوە گووتارەکانی ئاراستەی نەتەوەیەک بکات بە زمانی نەتەوەیەکی دیکە، بەڕاستی شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتی کوردی ئەگەر ئەم داهێنەرانە خەڵات نەکات، هەروەک چۆن داهێنەراکانی بەر لەمانی خەڵات کرد.

لایەنێکی کۆمیدی ئەم کاردانەوەیەی حیزب ئەوەیە کە پێیان وایە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی بەعسئاساوە دەتوانن کاریگەری میدیایەک کەمبکەنەوە کە سنووری نییە. لەڕێگای سووکردنی ئەم میدیایەوە، ناونانی بە جنێوفرۆش و تۆمەت بەخشینەوە خوێنەری لێبتەکێننەوە. دەسەڵاتدارانی ئەم دوو حیزبە بێترس ئەو کوردانەی لە خۆرئاوا دەژین بە سەرلێشێواو و بگرە بەکرێگیراوی بێگانە لەقەڵەم دەدەن، دیارە هیچ کوردێکی وریا گومانی لەڕاستیی ئەم تۆمەتبارکردنە نییە چونکە ئەوە کوردانی هەندارەن بوون لە پایتەختەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکورەوە سواری دەبابەی بەعس بوون و لە سیویەکی ئابدا یەکێتیان لە هەولێر وەدەرنا، ئەوە کوردەکانی هەندەران بوون لەتەک سوپای پاسداراندا تا کۆیە چوون و "جینایەتکارانی" حیزبی دیمۆکراتی کورستانی ئێران و دوژمنانی "شۆڕشی پیرۆزی ئیسلامیی" ئێرانیان بەسزای شۆڕش و خوداکەی خومەینی گەیاند. ئەمانە کۆمەڵێک "ڕاستیین" بۆیە سەرانی دوو حیزبی کوردیی بەئاشکرا لە میدیاکانەوە کوردی هەندەران بە سەرلێشێوا و ناپاک لەقەڵەم دەدەن. بەڵام ئەوەی جێگەی شەرمەزاری ئەو دوو حیزبەیە سووکایەتی کردنیانە بە کوردانی ڕۆژهەڵات کە لە سۆنگەی دڵسۆزییەوە ڕەخنە لەو دەسەڵاتە گەندەڵانە دەگرن. لێرەدا نمونەیەک خوێنەر بەو ڕەفتارە شەرمهێنەی دەسەڵاتداران ئاشنا دەکات کە نیشانەی نەبوونی هیچ جۆرێکە لە وەفا و ڕێز بۆ ئەو ڕابووردووەی ئەم دوو حیزبە هەموو ڕۆژێک پێمان دەفرۆشنەوە و کردوویانە بە پۆزشێکی هەمیشەیی بۆ گەندەڵیی و ناکاراییان.

هاوڕێیەکی خەڵکی شاری بانە (ئەم شارە تەنها شارێکە لەپاش سلێمانی کە هەستم بە نامۆیی نەکردبێت تێیدا) بە دڵێکی پڕەوە باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە بەرپرسێکی یەکێتی بەناوی "مەحمود سەنگاوی" لە پاڵتاک گووتویەتی کە "کوردی ئێران و وڵاتانی تری دراوسێ" چاویان بەو ئەزموونەی

ئێمە هەڵنایەت، هاوکات ئەم بەرپرسەی یەکێتی درێژەی داوە بەو قسانە و گووتویەتی کە ئەو کوردانە لەجیاتی ئەوەی ڕەخنە لە ئێمە بگرن باشترە بچن وڵاتی خۆیان چاکبکەن. گەلۆ لێتان ناشارماوە من هەستم بە خەجاڵەتی دەکرد، خەجاڵەتیەک کە دڵنیام بەرپرسی لەم جۆرە ئەزموونی ناکەن. بابپرسین ئەو ڕۆژانەی کە ئەم بەڕیزە شانازی پێوەدەکات، واتا ڕۆژانی شاخ، چەند شەوی لەماڵی خانەوادەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا لەنێو پەتووی نەرمدا ڕۆژکردۆتەوە، ئەم بەڕێزە کە ئێستاش لافی شۆڕشگێڕی لێدەدات لەماڵی ئەو کوردە دڵسۆزەی ڕۆژهەڵاتدا کە ئەو بە ئێرانی لەقەڵەم دەدات، ملی چەند مریشکی شکاندوە و لاقی چەند قەلی کردوە بە خرخاڵ؟ هەر بەڕاستی گەلۆ شەرم نییە مرۆڤ چاکەی هاونیشتیمانیانی خۆی لەیادبکات و هاوکات هەستیان بریندار بکات. لەڕاستییدا کوردی باشور، ئەو جێگایەی دەسەڵاتداران پێیان خۆشە پێی بڵێین کوردستانی عێراق، بۆ ئەبەد قەرزاری کوردی ڕۆژهەڵاتن. بەدەر لەوەش کورد لەهەر جێگایەک بێت مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لەو دۆخە بگرێت کە کوردستانی باشور پێیدا تێپەڕدەبێت، ئاخر چۆن ڕەخنە نەگرن ئەو دزیەی کۆمەڵێک بەرپرس بەناوی پێشمەرگەی کۆن و شۆڕشگێڕەوە دەیکەن و لەپاڵ خۆیاندا چەندین بەعسی و ئەنفالچییان حەواندۆتەوە بەردی چیاکانی کوردستانیش دەهێنێتە گۆ.

لەڕاستییدا بەپێچەوانەی خواستەکانی دەسەڵاتەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەم میدیایە بە شێوەیەک گەشەی کردوە کە حیزب و نووسەرەکانی چاویان پەرپوەتە تەوقی سەریان و ڕێگەچارەیەک شک نابەن بۆ بەرگرتن بە کاریگەرییەکانی. ئەمە هەرگیز بەو واتایە نییە کە میدیای ئەلەکترۆنیی لە دۆخێکی باشدا دەژی، بەپێچەوانەوە لە گەشە مەبەستمان فراونتربوون و هەڵئاوسانێکی ناسروشتیی و نارێکە. بەڵام ئەمە لانیکەم ڕاستیی نەزانیی ئەو دوو حیزبەمان پیشان دەدات کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناشارستانییدا لەگەڵ ئەم دیاردە نوێیە خۆیان و ڕۆشنبیریی کوردیی تووشی زەرەرێکی زۆر دەکەن کە چاکردنەوەی کاری زەوەند دەخوازێت. حیزب نەزانانە لەگەڵ ئەم میدیایەدا مامەڵە دەکات لە کاتێکدا کە دەکرێت میدیای ئەلەکترۆنیی لە بەرژەوەندی کورد بەکاربێت. ئەوەی ئەم دوو حیزبە کردویانە بەناوی کەمکردنەوەی کاریگەریی میدیای ئەلەکترۆنیەوە لە ڕاستیدا زیادکردنی کاریگەریەکەیەتی، واتا دەرئەنجامی ئەو میتۆدە فاشیستانەیەی حیزب بۆ کڕینی سایت و نووسەر یان کوشتنی کاراکتەریان پەیڕەوی کردوە ڕێک پێچەوانەی خواستەکانی حیزبە. بەڵام هەروەک چۆن گووتمان چاوەڕوانی زۆر لە میدیای ئەلەکترۆنی تووشی بێئومێدیی کوشندەمان دەکات، چاوەڕوانی شارستانییبوون لە حیزبی کوردیی بەهەمان ئەندازە تووشی مایەپووچیمان دەکات.

## پێشنیار

وەک گوتمان بۆ تێگەیشتن لە زۆربەی ئەو کێشانەی میدیای ئەلەکترۆنی پێوستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ سەرچاوەی کێشەکان کە خودی ڕۆشنبیریی کوردییە. هاوکات هەر هەوڵێک بۆ چارەسەر هەوڵێکی کەموکورت و ناکارا دەبێت، ئەگەر کۆی ڕۆشنبیریی کوردیی لەبەرچاو نەگیرێت. میدیای ئەلەکترۆنی بۆ ماوەیەکی درێژی دیکە هەمان ئەم قۆناغەی ئیستای دەژی کە بە قۆناغی تاریک ناومان

برد، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەم میدیایە دەبێت هەوڵی جیاکردنەوەی سیمای خۆی لە سیمای ڕۆژنامەکانی کوردستان بدات. دەبێت هەنگاوبنرێت بۆ تایبەتمەندبوون لە بوارە جیاوازەکاندا و کردنەوەی ماڵپەڕی تایبەت بە بوارە تایبەتەکان، چونکە ناکرێت تۆ ماڵپەڕێکت هەبێت بۆ بابەتی توێژینەوەی قووڵ و لە پاڵیدا نووسینی سەرپێی بڵاوبکەیتەوە، یان زۆربەی ئەو شیعرانەی کە هەموو شتێکن شیعر نەبێت. لە ئێستادا دەستەبژێرێک لە ڕۆشنبیری ئەلەکترۆنی لە فراژاندایە کە دەخوازێت دەنگ و سیمای خۆی لە دەنگ و سیمای ئەو ژمارە زۆرەی نووسەر جیابکاتەوە کە بەردەوامن لە شێواندنی هزر و زمان، ئەم دەستەبژێرە ناچارە کە توندوتیژانە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە نووسەر و سایت ببێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ڕاکێشانی خوێنەر و گێڕانەوەی ڕێز و شکۆ بۆ نووسین. دەکرێت ئەو سایتانەی دەخوازن جیاواز بن بەشێکی تایبەت بکەنەوە بۆ سەرنج و گفتوگۆی خوێنەر لەگەڵ نووسەران و لەنێو خۆیاندا، چونکە نەبوونی بەشێکی لەم جۆرە لە سایتە کوردیەکاندا وایکردوە نووسەر و خوێنەر لەیەک جیانەکرێنەوە خوێنەر بۆ گەیاندنی بۆچوونێک ناچاربێت ببێتە نووسەر.

هاوکات بۆ کۆتایی هێنان بەو پرۆسە شەرمهێنەی کڕین و فرۆشتن خاوەن سایتەکان دەتوانن بە ئاشکرا داوای هاوکاریی دارایی لە حیزب و حکومەتەکانی کوردستان بکەن و هەرچییەکیشیان وەرگرت ڕاییگەیەنن. هیچ میدیایەک لە جیهاندا بەبێ هاوکاری دارایی ناژی، ئەوەی خاوەن ماڵپەڕە کوردییەکان دەیکەن کارێکی سەختە و لە قۆناغێکدا پێوستیان بە دەستگیرۆیی دەبێت. بەڵام هیچ دەستگیرۆییەک نابێت لەسەر حیسابی ڕەخنە و بیرکردنەوەی ئازاد بێت، ئێمە دەبێت سەرەتا خۆمان و پاشان حیزب ڕابهێنین لەسەر ئەوەی کە هزر و بیرکردنەوە کڕین و فرۆشتنی پێوەناکرێت. دەکرێت ماڵپەڕە کوردییەکان پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبەکاندا بنیاتبنێن، پەیوەندییەک کە ڕێزی قەڵەم نەکرێتە قوربانی مشتێک پارە. ئەو ئەزیزانەی ماڵپەڕە کوردیەکان دەبەن بەڕێوە دەبێت هۆشیار بن لەوەی کە لە مێژوودا قەڵەم کڕین و فۆرشتنی زۆری پێوەکراوە، بەڵام ئەو قەڵەمانەی ئێمە ئێستا ڕێزیان لێدەگرین ئەوانەن کە برسێتی و سەبەرزییان هەڵبژاردوە نەک ئەوانەی تێری و سەرشۆڕیان هەڵبژاردوە. حیزب تەنها ئەو کاتە ڕێز لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەگرێت کە هی خۆی نییە، بەڵام لەگەڵ ساتەوەختی کڕینیدا دەیانکاتە دەرگاوانی زیندان، ناچاریان دەکات نووسینێک بنووسن کە کوتومت شکاندنی کەرامەتی خودی نووسەری قەڵەمفرۆشە. دیکتاتۆرەکان بەردەوام تینووی کڕینی ئەو قەڵەمانەن کە سەرکێشی دەکەن، نەک لەبەر ئەوەی ئەم دیکتاتۆرانە دۆستی قەڵەمن بەڵکو بۆ ئەوەی چێژ لە شکاندنی کەرامەتیان ببینن. ئەو نووسەرەی دوێنێ خوێنەر ڕێزیان لێدەگرت و ئەمڕۆ لە شیراتۆن دەلەوەڕێت جێگەی قێزی لاوی کوردە، ئەو لاوەی دەزانێت کێ کێیە و پێویستی بە کوردسات و کوردستان تێڤی نییە بۆ ناساندنی چلکاوخۆرەکانی حیزب وەک کەڵەڕۆشنبیر. ئەمڕۆ لەناوەوە و دەرەوەی وڵات توێژێک لە لاوی بەئاگا پێگەیشتوە ئەگەر ڕێزیان نەگریت و وەک مرۆڤی بیرکەرەوە مامەڵەیان لەتەکدا نەکەیت، خۆت و ئایندەت وەک نووسەرێک دەهاڕنە نێو دەستاڕی لەبیرچوونەوەوە. وەک "سایرەڵ کۆنۆلی" دەڵێت "بەردەوام چاکبە لەگەڵ ئەوانەی لەخۆتر گەنجترن، چونکە ئەوانن ئەوانەی دەربارەت دەنووسن".

هاوکات حیزب و چەتەکانی دەبێت ئەوە بزانن کە ئیتر زەمەنی ئەوە بەسەرچوە بەرپرسێک خۆی لەنێو چەپڵەڕێزانی لاواندا بدۆزێتەوە، دەبێت سوپاسگوزاربن کە توێکڵە شووتیان تێناگرن. لاوێکی

زانکۆی سەڵاحەدین لە ئیمەیڵێکدا بۆی نووسیبووم "بەزەیمان بە مانگاکاندا دێتەوە دەنا هەرچی توێکڵە شووتی کوردستان هەیە دەمانکێشا بە سەروگوێلاکی بەرپرسە دزەکاندا". ئەم ئەزیزانە دەبێت هۆشیار بکرێنەوە کە تووڕەیی و قێزی خەڵک گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لاوێکی کورد بەئاشکرا پێیان بڵێت دز، ئەمە نە بێڕێزییە و نە سەرلێشێواوی بەڵکو ئەمە دەربڕینە لە تووڕەبوونێک کە زۆر دەمێکە پەنگ دەخواتەوە. دەبێت یادی ئەو بەرپرسانە بهێنینەوە کە ڕۆژگارێک زوڵم چۆکی پێدانەدان زوڵم چۆک بە نەوەکانی ئێستاش دانادات. دەسەڵاتیش پێویستە لە مێژوو و ئەزموونی گەلان فێربێت کە ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ڕۆژنامەگەرییەک کە بتوانێت زانیاریی تەندروست بە کۆمەڵگا بدات چەند لە خزمەتی کۆمەڵگا و نووسەراندایە ئەوەندەش لە خزمەتی دەسەڵاتدایە. حیزبەکان دەبێت ئەوە بزانن لای ئەم نەوەیەی ئێستا داخستنی ڕۆژنامەیەک جیاوازیەکی نییە لەگەڵ وێرانکردنی گووندێک لەلایەن بەعسەوە ئەگەر تاوانێکی گەورەتر نەبێت، هاوکات تاوانی تیرۆرکردنی کاراکتەری مرۆڤێک دەیان هێندەی تیرۆری فیزیکی گەورەترە.

ئەو ماڵپەڕانەی دەخوازن جیاوازبن دەبێت ڕەفتارێکی نوێ گەڵاڵە بکەن لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ نووسین، دەبێت ئەو نووسینانەی بۆیان دەچێت بەبێ خوێندنەوە بڵاوینەکەنەوە. ڕۆژنامە یان ماڵپەڕ مافی خۆیەتی بابەت ڕەتبکاتەوە و بڵاوی نەکاتەوە، نووسەرانیش دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەوەدا ڕابهێنن کە ئەم جۆرە لە ڕەتکردنەوە ئاسایی وەربگرن. ماڵپەڕ هەیە بە شایانی ئەوەی نازانم نووسینی لێ بڵاوبکەمەوە، دەشێت ماڵپەڕیش هەبێت نووسینم بە شایانی ئەوە نەزانێت بڵاوییکاتەوە. وەک چۆن نووسەر مافی خۆیەتی بابەتەکەی بۆ کوێ دەنێرێت، ماڵپەڕ و ڕۆژنامەش مافی خۆیانە بڵاوی بکەنەوە یان نا. لایەنێک کە جێگای نیگەرانییە شێواندنی چێژی ئەدەبیی خوێنەرە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەناو شیعرەوە کە شایانی خوێندنەوە نین، ئەو ماڵپەڕەی ڕێز لە خوێنەرەکانی بگرێت دەبێت سنوورێک بۆ ئەمە دابنێت، هەر کەس چوار نیوە دێڕی نووسی و ناوی نا شیعر نابێت بڵاوبێتەوە. هاوکات ڕەتکردنەوەی نووسین نابێت ببێتە هۆی شکاندنی هەستی ئەو کەسەی دەشێت پەلەی کردبێت لە نووسیندا، خاوەن ماڵپەڕەکان دەتوانن بۆ ڕێز لەو بابەتانەی بڵاوی ناکەنەوە خاوەنەکەی لە کەموکوڕییەکانی ئاگادار بکەنەوە، بەڵام نەک وەک هەندێک سایت بە ئاشکرا و لەسەر سایتەکە بنووسن بۆچی بڵاویان نەکردۆتەوە، کە ئەمە جگە لە هەست ڕوشاندن هیچی تر نییە. لە هەموو دۆخێکدا دەبێت خوێنەر لە پێشی پێشەوەی بیرکردنەوەماندا دابنێین، ئەگەر خوێنەری باش نەبێت نووسەر هیچ نییە جگە لە بەفیڕۆدەری کاغەز و مەرەکەب، یان لەم ڕۆژگارەدا وزەی ئەلەکترۆنیی.

لێرەوە پێشنیاری دوایمان بۆ ماڵپەڕە کوردیەکان کردنی خوێنەرە بە سەنتەری بیرکردنەوە و کارکردن لە ماڵپەڕەکاندا. ئەو ماڵپەڕانەی نەیانتوانیوە وتووێژ لەگەڵ خوێنەرەکانیان و لەنێوان نووسەران و خونێنەراندا دروست بکەن دەبێت بە ماڵپەڕەکانیاندا بچنەوە. هاوکات ئەوەی لێرەدا پێشنیارکرا دەشێت زۆر کەموکورت بێت. بەڵام دەکرێت ماڵپەڕەکان داوای پێشنیاری دیکە لە نووسەران و خوێنەران بکەن لەسەرئەوەی ئەوەی چی بکرێت تا خوێنەری کورد لە خۆیان ڕازیبکەن. هەروەکو چۆن هەموومان ڕەخنەگرین و ڕەخنەشمان پێ هەرس ناکرێت، با بیسەلمێنین کە ئەو هەموو داوایە بۆ وتووێژ و گفتوگۆ لە سۆنگەی بڕوابوونمانەوەیە بەو چەمکانە، نەک تەنها قسەی سەر کاغەز.